بەخێربێن بۆ چوارەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەربارەی

# یاسای ڕزگاربوانی ژنانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە (ناسراوبەC4JR)، زنجیرەیەک هەواڵنامە دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی (ناسراو بەYSL ) بڵاو دەکاتەوە، کە لە مانگی تەمووزی ٢٠٢٣ەوە دەستی پێکردوە بە هەرسێ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی (کرمانجی و سۆرانی). ئامانجمان لەم هەواڵنامەیە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی دروست و نوێیە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی، لەگەڵ بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنە کارایانەی لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ئەم دادپەروەرییە بەشدارن، ئەمەش بۆ خستنەبەرباسی ئەو دڕندەکاریانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## دواین هەواڵەکان دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

### ئاماری داواکارییەکان

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایان گەیاند کە بڕەپارەی قەرەبوو بۆ ١،١١٤ سوودمەند لە ڕزگاربووانی دەستی داعش لەچوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لە مانگی تشرینی دووەمدا خەرج کراوە و هەروەها لە مانگی کانوونی یەکەمیشدا ١،٢٥٧ ڕزگاربوو بڕە پارەکەیان بۆ خەرج کراوە. بەمەش تێکڕای سوودمەندان لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی تا ئەم ڕێکەوتە گەیشتووەتە ١،٥٤١. دەتوانن وردەکاریی زیاتر لەو بارەیەوە لە پەڕەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبوک ببینن: https://facebook.com/profile.php?id=100076062182514.

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی کۆمەڵێک سوود لەشێوەی قەرەبوودا لەخۆ دەگرێت، کە دەبەخشرێنە هەر کەسێک وەک ڕزگاربوو پەسەند کرابێت. قەرەبووەکانیش بریتین لە: ١) بڕەپارەی قەرەبووی مانگانە، ٢) خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوە، ٣) گەڕانەوە بۆ سەر خوێندن، ٤) لەپێشبوونی ڕزگاربوو بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی، ٥) یەکەیەکی نیشتەجێبوون یان پارچەیەک زەوی. بەڕێوەبەرایەتییەکە چالاکانە هەندێک هاوکاری وەک پارەی قەرەبووکردنەوە و ڕەوانەکردنی ڕزگاربووان بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە پاڵپشتەکان بە مەبەستی پشتیوانیکردنی ڕزگاربووان لە ڕاهێنانەوەیاندا دابین کردووە، لە هەمان کاتدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە بەردەوامە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوکارییە ئاڵۆزترەکان تا لە داهاتوودا جێبەجێیان بکات.

**نوێکارییە گرنگەکان:**

- بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕایدەگەیەنێت، ڕزگاربووان لە هەردوو ڕەگەز، کە ناویان لە بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ گەڕانەوە بۆ خوێندن تۆمار کردووە، پێویستە ئێستا سەردانی یەکێک لەو ناوەندی تۆمارکردنانەی خوارەوە بکەن بۆ دەستکردن بە پرۆسەکانی ناوتۆمارکردن:

  - سەنتەری شاریا بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری
  - چەمیشکۆ: سەنتەری نەهێشتنی نەخوێندەواری ژنان
  - کەبەرتۆ: ناوەندی ڕزگاری بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری
  - دۆمیز: ناوەندی ئەلنەسر بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری
  - سەنتەری دۆهۆڵا بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری

بۆ زانینی زیاتر لەسەر پرۆسەکە، پەیوەندی بکەن بە بەڕێوەبەرایەتییەکەوە لەسەر ژمارە +٩٦٤٧٥١١٠٠٢٩٧١. دەتوانن لەسەر پەڕەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبوک زانیاریی زیاتر بەدەست بهێنن: https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514.

- ڕۆژی ٨ی ئەم مانگە، کونسوڵخانەی گشتیی بەریتانیا لە هەولێر و ئینستتیوتی یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ کۆڕێکیان لەسەر جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بۆ نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتییە دیبلۆماسییەکان لە هەولێر ڕێک خست. بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ڕزگاربووان خاتوو سەراب ئەلیاس باسی دەستکەوت و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاساکەی کرد و پلانی ماوەی داهاتووی خستەڕوو.
- ٢٤ی تشرینی دووەم، وۆرکشۆپێکی نێودەوڵەتی دەربارەی دیزاینکردنی خزمەتگوزاریی پسۆڕییانەی پشتگیریی تەندروستیی دەروونی و دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ سوودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی ساز کرا بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی دیزاینکردن و ئامادەکردن و بەردەوامیدان بە سەرچاوە بەدامەزراوەکراوەکان بۆ ڕاهێنانەوەی ڕزگاربووان، ئەمەش بەگوێرەی مادەی ٦.٥ی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. ئەوانەی لە وۆرکشۆپەکە ئامادە بوون بریتی بوون لە: نوێنەرانی بەڕێوەبارایەتییەکە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتەکانی تەندروستیی عێراق، شارەزایانی پشتگیریی تەندروستی دەروونی و دەروونی کۆمەڵایەتی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست باکووری ئەفریقا و عێراق، لرگەڵ هەندێک شارەزای نێودەوڵەتی. بەدرێژایی ئەو وۆرکشۆپە دوو ڕۆژییە، بەشداربووان گفتوگۆیان لەبارەی پێویستییەکانی تەندروستیی دەروونیی ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێ و ڕزگاربووانی منداڵ لە عێراق کرد، هەروەها لەو نموونە و پێکهاتە و ڕێبازانەیان کۆڵییەوە کە دەشێت بۆ بنیاتنانی خزمەتگوزارییە بەدامەزراوەکراوەکانی پشتگیریی تەندروستیی دەروونی و دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ سوودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بەکار بێن، هەروەها نەخشەڕێگایەکیشیان کێشا بۆ بنیاتنانی سەنتەرە پسپۆڕەکانی

پشتگیریی تەندروستیی دەروونی و دەروونی کۆمەڵایەتی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتییەکە لە شێخان و شەنگال بۆ سوودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی.

- ٣٠ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ، شاندێکی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە کە پێکهاتبوو لە هەر یەک لە خاتوو ئەمەل غازی جاسم، لە ڕێکخراوی دادپەروەری بۆ مافی کەمینەکان، خاتوو سۆنیا بەرەکات، لە دامەزراوەی ئێزدیانی ئازاد، بەڕێز هۆگر کامیل، لە ڕێکخراوی داک، لەگەڵ بەڕێز شیان رەئووف، لە ڕێکخراوی سید، سەردانی بەڕێوەرایەتییەکەیان لە موسڵ کرد بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕوونکردەوە لەبارەی پێوەرەکانی شایستەبوون بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی و داواکردنی ڕوونکردنەوە دەربارەی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی یاساکە و پرۆسەکانی تانەدان. شاندەکە لەلایەن سەرۆکی لیژنەکەوە، بەڕێز دادوەر خالید هوەیدی وەکاع لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتییەکە و جێگری سەرۆکی لیژنەکە، خاتوو سەراب ئەلیاس، پێشوازییان لێ کرا.



شاندی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕزگاربووان لە موسڵ دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی، خاتوو سەراب ئەلیاس، و سەرۆکی لیژنەکە، بەڕێز دادوەر خالید هوەیدی وەکاع.

- هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لەگەڵ سەرۆکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ IOM بۆ دادپەروەریی قۆناغیی لە عێراق، ساندرا ئۆرلۆڤیک، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەوەی چۆن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بووەتە پاڵپشتی پرۆسەکانی قەرەبووکردنەوە لە وڵاتەکەدا پێکەوە دانیشتن. گفتوگۆکان بابەتی ئەوەیان خستە بەر باس کە کام بڕگانە پڕ ئاستەنگترین و گرنگترینن بۆ جێبەجێکردن؛ ئەو ئاستەنگانە چین کە ڕووبەڕووی ڕزگاربووان دەبنەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو دادپەروەرییە مانادارەی لە چوارچێوەی دادپەروەریی قۆناغییدا بەڵێنی پێدراوە؛ لەگەڵ ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی چییە لە پشتگیریکردنی ڕزگاربووان بۆ بەدیهێنانی مافی قەرەبووکردنەوەیان بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. بۆ گوێگرتن کرتە لەم بەستەرە بکەن: https://c4jr.org/podcast. دەتوانن دەقی چاوپێکەوتنەکە لەم بەستەرەدا ببینن https://c4jr.org/ku?p=28142

## هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە

- لە ٢١ی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بۆنەیەکی لە هەولێر ساز کرد سەبارەت بە ڕێگاکانی لێپرسینەوە و هاوبەشکردنی ئەو بەڵگانەی لەلایەن یونیتادەوە UNITAD لەدوای کۆتاییهاتنی ئەرکی یونیتاد کۆکراونەتەوە. گفتوگۆکانی بەشداربووان دەربارەی ستراتیژی تەواوکردنی ئەرکی یونیتاد و چاودێریکردنی دادگاییە تاوانکارییەکانی ئایندە دژی ئەندامانی داعش لە عێراق بوون. گفتوگۆکان تیشکیان خستە سەر ئەو پرسانەی پەیوەستن بە ڕادەستکردن و هاوبەشکردنی ئەو بەڵگانەی لەلایەن یونیتادەوە کۆکراونەتەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق و لایەنی سێیەم. لە چالاکییەکەدا ڕزگاربووان و ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و نوێنەرانی دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەشدارییان کرد، لەنێویاندا کریستیان ڕیشەر ڕاوێژکاری تایبەتی یونیتاد، کە بە شێوەی ئۆنلاین بەشداری کرد. هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە توێژینەوەیەکی تەواو کردبوو بۆ خستنەڕووی زانیاری لەبارەی زانیارییە مانادار و هۆشیارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق و ئاسۆی دادپەروەری و دادگاییکردنی مانادار بۆ تاوانەکانی داعش لە عێراق بە پشتبەستن بە بەڵگە کۆکراوەکانی یونیتاد. ئەم توێژینەوەی کۆتایی وەک سەکۆیەکی داکۆکیکردن بەکار دەهێنرێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو دادگاییانەی بایەخیان ڕزگاربووانە لە عێراق لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا هاوتەریبن. ئەم توێژینەوەیە لە ڕاپۆرتی فەرمیی کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە هاوبەشکردنی بەڵگەکان کە بڕیارە لە 15ی 1ی 2024 ئەنجام بدرێت، ئاماژەی پێ دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چالاکییەکە، بڕواننە بڵاوکراوەکەی سەر پەڕەی تویتەری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە: https://twitter.com/c4jrOrg/status/1726997763693674594.

- لە ڕۆژی جیهانی یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی قوربانیانی تاوانی جینۆساید و ڕێگریکردن لەم تاوانە، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ماڵپەڕە نوێیەکەمانی خستە گەڕ، کە بۆ بانگەشەکردنە بۆ پێویستیی میکانیزمێکی لێپرسینەوەی تاوانکاریی گونجاوە بۆ ڕزگاربووان لە عێراق، کە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان جێبەجێ بکات و دەسەڵاتی دادوەری بەسەر ئەو کردەوە تاوانەکارییە نێودەوڵەتییانەدا هەبێت کە لەلایەن داعشەوە ئەنجام دراون. مادەی ٧ی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی ڕای دەگەیەنێت، ئەو تاوانانەی داعش لە دژی ئێزدی و تورکمان و مەسیحی و شەبەک ئەنجامی داون، بە جینۆساید دەناسرێن، بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان پابەندە بە دەستپێکردن و پێشخستنی گفتوگۆکان لەبارەی لێپرسینەوەی تاوانکاری لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا. پێویستیی دانانی ڕێگایەک بۆ دادپەروەری بۆ ئەو تاوانانەی داعش ئەنجامی داون، بۆ ڕزگاربووان ئەولەویەتە و یەکێکە لەو کارانەی کە عێراق پابەند بووە پێیانەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا سەلمێندراوە کە بەجێهێنانی پڕ ئاڵنگارییە. بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر توێژینەوەی هەڵوێستی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە سەبارەت بە میکانیزمی لێپرسینەوە لە داعش لە عێراق بخوێننەوە، بە بڕواننە ئەم بەستەرە: https://www.justice-iraq.com/.



بۆژان گاڤریلۆڤیچ، بەرپرسی پرۆگرامی ماف و دادپەروەری لە دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ، فیۆنا ماککەی، ڕاوێژکاری یاسایی و سەرۆکی پێشووی بەشی بەشداریکردن و قەرەبووکردنەوەی قوربانییان لە دادگای نێودەوڵەتیی تاوان، لەگەڵ بەڕێوەبەری داکۆکیکاری یاسایی ناتیا ناڤرۆزۆڤ لە ڕێکخراوی یەزدا گلۆباڵ گفتوگۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان لەسەر ڕێگەکانی لێپرسینەوە دوای کۆتایی هاتنی ئەرکی یونیتاد. بەڕێوە برد.

## ئاستەنگەکان

هەر هەواڵنامەیەک تیشک دەخاتە سەر ئاستەنگێک یان زیاتر لەو ئاستەنگانەی لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا دێنە بەردەم ڕزگاربووان یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە. لەم ژمارە نوێیەدا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە تیشک دەخاتە سەر نەبوونی پەیوەندیی ڕوون و نووسراوی تایبەت بە بڕیارەکانی پەیوەست بە داواکارییە سەرەتاییەکان و تانەدان لە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بۆ لیژنەکە.

دوای ئەوەی لیژنەکە بڕیارێک دەر دەکات، دۆسێی کەیسەکانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە دەگەڕێنێتەوە. ئەگەر دۆسێکە پەسەند بکرێت، بەڕێوەبەرایەتییەکە دۆسێکە دەدات بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ڕێکارە ئیدارییەکانی وەک تۆمارکردن لە سیستەمی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ سوودمەندبوون. لەم قۆناغەدا، ئەگەر داواکار/وەکیلی داواکار لە باری داواکارییەکەیان لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بپرسنەوە، بڕیاری پەسەندکردنەکەیان پێ ڕادەگەیەندرێت. ئەگەر نا، ئەوە کاتێک ماستەرکارد/ QICardەکە ئامادە دەبێت، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەوە پەیوەندیی بە داواکارەوە دەکرێت. بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕۆژێکی دواتردا پەیوەندی بە ڕزگاربووەکە یان بە وەکیلەکەیانەوە دەکات بۆ واژۆکردنی پسوڵەیەک کە دەتوانرێت پێشکەش بە لقی ماستەرکارد/QICard بکرێت بۆ بەدەستهێنانی کارتەکەیان و دەستکردن بە وەرگرتنی پارەی قەرەبووکردنەوەکە. ئەگەر داواکارییەکە ڕەتکرایەوە، بەڕێوەبەرایەتییەکە پەیوەندی بە داواکار یان بە وەکیلەکەیانەوە دەکات بەو ژمارە تەلەفۆنەی کە لەسەر داواکارییەکەیان هاتووە. داواکار یان وەکیلەکەی بە شێوەی زارەکی لە بڕیارەکە ئاگادار دەکرێتەوە و لە کاتی سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکە، نامەی ڕەتکردنەوەکەی پێشکەش دەکرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کەسی وەک پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کەسەکە ئاگادار کراوەتەوە واژۆی بکات. بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی کە لەلایەن داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییەوە بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دراون، لیژنەکە هیچ نامەیەکی دەر نەکردووە کە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە ڕوون بکاتەوە.

ئەو داواکارانەی کەیسەکانیان لەلایەن لیژنەکەوە ڕەت کراونەتەوە، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە یان ئاگادار کردەوە کە نازانن بۆچی لیژنەکە داواکارییەکانیانی ڕەت کردووەتەوە، ئەمەش وا دەکات تانەدان لە کەیسەکانیان قورس بێت. ئاستەنگێکی دیکە ئەوەیە کە دواوادەیەکی بەوردی دیاریکراوی ٣٠ ڕۆژە بۆ تۆمارکردنی یەکەم تانەدان لەلای لیژنەکە هەیە، بەڵام بەبێ بەردەستبوونی ئەو نامەیە، ڕەنگە داواکاران ڕێکەوتەکە لەبیر بکەن یان ڕەنگە ئەو داواکارانەی خوێندەوار نین نەتوانن ئەو نامەیە بخوێننەوە کە نیشانیان دەدرێت . دوای ئەوەی تانەدانێک لەلای لیژنەکە ڕەت دەکرێتەوە، دوا ڕێگەی بەردەم داواکار ئەوەیە کە لەبەردەم دادگای سەرەتایی تانە لە بڕیارەکە بدات.

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پێی وایە کە نەبوونی بڕیارێکی نووسراو کە ڕێکەوتی ڕەتکردنەوەی دۆسێکە و هەروەها هۆکارەکانی لەخۆبگرێت، دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر مافەکانی تاک لە پرۆسە یاساییەکاندا هەبێت، لەوانەش مافی تانەدان. بە تایبەتی، داواکاران لەوانەیە وادەی ٣٠ ڕۆژەی تۆمارکردنی تانەکانیان لەدەست بدەن، و بەبێ زانیاری لەسەر هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی داواکانیان ناتوانن بنەمای تانەدانەکە بزانن. بۆ دڵنیابوون لە بەڕێوەچوونی پرۆسەیەکی یاسایی، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پێشنیاری ئەوە دەکات کە بەڕێوەبەرایەتییەکە نامەی بڕیارەکە بە ڕێکەوتەوە بۆ داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لەسەر داواکاریی خۆیان دەربکات، کە وردەکاریی ئەو هۆکارانە بخاتە ڕوو، کە داواکارییەکە لەسەر بنەمایان ڕەت کراوەتەوە. بۆ نموونە، لە نامەکەدا پێویستە باس لەوە بکرێت کە ئایا داواکارییەک لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی پێوەرەکانی شایستەیی لەلایەن داواکارەوە ڕەتکراوەتەوە و بە تایبەتی کام پێوەر، یان نەبوونی بەڵگە و بۆچی بەڵگەی پێشکەشکراو بەس نەبووە، یان بە هۆکاری دیکە بەپێی یاسا. نامەی ڕەتکردنەوەی نووسراو کە بنەمای بڕیارەکە بخاتە ڕوو، دەتوانێت باشتر داواکاران و ئەوانەی پشتگیری داواکارییەکان دەکەن لە شایستەیی خۆیان بۆ یاساکە ئاگادار بکەنەوە، لە هەمان کاتدا بەڵگەنامەیەکی بە ڕێکەوتەوە پێشکەش دەکەن کە داواکاران دەتوانن کاتێک تانەکانیان لە ماوەی تەرخانکراودا ئامادە دەکەن وەک سەرچاوە بۆیان بگەڕێنەوە.

جگە لە پێدانی ڕوونکردنەوە بۆ ڕەتکردنەوەی داواکار، داواکاران پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە سەبارەت بە خودی پرۆسەی تانەدان. بەهۆی ئەوەی داواکاران ماوەیەکی کورتی ٣٠ ڕۆژییان هەیە بۆ تانەدان، ئامۆژگاری دەکرێت کە بەڕێوەبەرایەتییەکە زانیاری ڕوون سەبارەت بە پرۆسەی تانەدان بۆ داواکاران دەر بکات، هەروەها ئەو بنەمایەی لەسەری تاکێک دەتوانێت تانە بدات. هەرچەندە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی و پەیڕەوی ناوخۆ زانیاریی بنەڕەتی سەبارەت بە پرۆسەی تانەدان دەدەن، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پێشنیاری پێشکەشکردنی بەڵگەنامەیەکی زانیاری پرۆسەی تانەدان دەکات، کە بە ڕوونی هەنگاوە بەردەستەکان بۆ کەسە داواکارەکە بە شێوەیەکی ئاسان بۆ تێگەیشتن، کە بە زمانی قسەکردنی داواکار بێت، بخاتەڕوو.

گەیاندنی بڕیارەکانی داواکارییەکە و پرۆسەی تانەدان دەبێت ڕێبازێک بگرنە بەر کە بایەخ بە ڕزگاربوو بدات و ئاگاداری زەبری دەروونی بێت و دەستڕاگەیشتن پێی ئاسان بێت، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی داواکاران مافی ئاگادارکردنەوەیان دەبێت ونهێنیی زانیارییەکانیان دەپارێزرێن و دڵنیایی لەوە دەدرێت کە بەڕێوەبەرایەتییەکە و لیژنەکە پابەند دەبن بە بنەمای زیاننەگەیاندن. هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پێشنیاری ئەوە دەکات کە ستافی بەڕێوەبەرایەتییەکە باسی ئەگەری سەرکەوتن یان شکستی داواکارییەکەیان لەگەڵ داواکاراندا نەکەن تا ئەو کاتەی بڕیارێک لەلایەن لیژنەکەوە دەدرێت.

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
## ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ لە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەدایت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمانن و لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: https://ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://www.youtube.com/watch?v=6ARuIcl4gYU&ab_channel=IOMIRAQ .
- پڕکردنەوەی فۆرم و بردنی بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=QfoDfQWwErE&ab_channel=IOMIRAQ

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەش کردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. **وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت**

. دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە بێت:
https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514


## زانیاریی سەرەتایی ڕاپرسی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە کاری بەڕێوەبردنی ڕاپرسییەکی بێ ئاشکراکردنی ناوی بەشداربووان تەواو کردووە بە مەبەستی ئاگاداربوون لە تێڕوانینی ڕزگاربووان بۆ پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. بەگشتی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاپرسییەکەی لە گەڵ ٢٢٦ بەشداربوودا کردووە، کە تەمەنیان لە سەرووی ١٨ ساڵەوەیە و داواکارییان پێشکەشی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کردووە. بەشداربووەکان لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، تورکمان و مەسیحی بوون کە لە پارێزگاکانی نەینەوا و دهۆک و هەولێر دەژین.

### دەستڕاگەیشتن و ئەو میکانیزمانەی بەیەخ بە ڕزگاربووان دەدەن


وەک لە دوایین هەواڵنامەدا ئاماژەی پێ کراوە، ٨٠٪ بەشداربووان داوای پشتیوانییان بۆ داواکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کردووە: ٥٥٪ لە ئەندامێکی خێزان یان هاوڕێیەک، ٣١٪ لە ڕێکخراوێکی ناحکومی، تەنیا ٩٪یان داوای هاوکارییان لە پارێزەرێک کردووە. بۆ ئەوانەی داوای پاڵپشتییان کردووە، (٢٢٪)یان هۆکاری ئەو کارەیان بۆ ئاسانکردنی پرۆسەکە بووە، (١٦٪)یان بەهۆی کێشەی داراییەوە نەیانتوانیوە گەشت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە بکەن، یان (١٤٪) یان بەهۆی ئەوەوە بووە کە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکارییەکە زۆر ئاڵۆز بووە.

## هۆکارەکانی داواکردنی پشتگیری بۆ داواکارییەکە





له کۆی ئەو ٢٢٦ کەسەی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، ٢١٠ کەس پێشتر لانیکەم یەک پارچە بەڵگەنامەی مەدەنیان هەبووە، کە لە ڕێگەی پشتگیریی ئەندامێکی خێزان/هاوڕێ یان پارێزەرێکەوە بەدەستیان هێناوە. لەو داواکارانەی کە پێشتر ئیفادەیان بە زیاتر لە دامەزراوەیەک داوە، ٢٥٪ی ئیفادەکان بۆ فەرمانگەی کاروباری ڕفێندراوان و ڕزگارکراوان دراوە، ٢٧٪ بۆ دادگا، لەگەڵ ٢١٪ بۆ ڕێکخراوێکی ناحکومی بووە. ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە ڕزگاربووان بە تێکڕا ٢-٣ ئیفادەیان بە دامەزراوە جیا جیاکان داوە، لەگەڵ کۆی ژمارەی ئەو ئیفادانەی کە لەلایەن بەشداربووەکانەوە دراون ٥٦١ دانەیە. ئەم ئەنجامە بەرزبوونەوەی مەترسیی دووبارە دووچاربوون بە زەبری دەروونی بۆ داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی ئاشکرا دەکات. لە کۆی ئەو ئیفادانەی کە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەیان (CIGE) داون، ٤٦ ئیفادەیان لە داواکارانی ئێزدی و ١٣ داواکاری لە شەبەک و ٧ داواکاری لە تورکمان پێکهاتوون. لە کۆی ئەو کەسانەی کە بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە و لە فەرمانگەی کاروباری ڕفێندراوان و ڕزگارکراوان ئیفادەیان داوە، ١٠٢ کەسیان ئێزدی و ٢٥یان شەبەک و ٩ کەسیان تورکمان بوون، تەنیا یەک ڕزگاربووی مەسیحی لەم فەرمانگەیە ئیفادەی داوە. ژمارە زیاترەکەی داواکارانی ئێزدی کە ئیفادە لە CIGE و فەرمانگەی کاروباری ڕفێندراوان و ڕزگارکراوان داوە، ڕەنگدانەوەی دەستڕاگەیشتنیان بەو جۆرە دامەزراوانەیە، کە بنکەکانیان لە پارێزگای دهۆکە.

## پێشتر لە کوێ ئیفادەت داوە؟



هەروەها داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی داوایان لەو دامەزراوانە کردووە بەڵگەنامەیان بدەنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ داواکارییەکانیان بۆ یاساکە پێشکەشیان بکەن. لە کاتی پێشکەشکردنی داواکار بۆی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، ڕزگاربووان بەڵگەنامەیان پێشکەش بە چەندین دامەزراوە کردووە. ٣٦٪ی بەڵگەنامەکان لە دادگاکان داوا کراون، ١٩٪ لە فەرمانگەی کاروباری ڕفێندراوان و ڕزگارکراوانەوە، ١٦٪ لە ڕێکخراوێکی ناحکومی و ١٢٪ لە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە داوا کراوە.


## ئەو دامەزراوانەی داوایان لێ دەکرێت بەڵگەنامە بۆ داواکارییەکانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دابین بکەن





## تێڕوانین و لێپرسینەوە

لە کۆی ئەو داواکارانەی کە بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، ٦٦٪یان سکاڵای تاوانکارییان تۆمار کردووە و ٧٤٪یان ئەو کارەیان بۆ ئەوە کردووە تا داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی پێشکەش بکەن. بۆ ٩١٪ی کەیسەکان دادگا بەڵگەنامەی ئەوەی پێشکەش بە داواکار کردووە کە تۆمارکردنی سکاڵاکە پشتڕاست دەکاتەوە.

## ئایا سکاڵای تاوانکاریت تۆمار کردووە؟





## ئایا بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی سکاڵای تاوانکاریت تۆمار کردووە؟




لە کاتی ڕاپرسییەکەدا، ٦٠٪ی بەشداربووان هێشتا ئاگادار نەکرابوونەوە کە ئایا داواکارییەکەیان بۆ یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی پەسەند کرابوو یان نا و ٤٨٪ی کۆی داواکارانی ڕاپرسییەکە پارەی قەرەبووکردنەوەکەیان وەر گرتبوو. لەو کەسانەی کە ئاگادارکردنەوەیان لە بڕیاری داواکارییەکەیان وەر گرتبوو، ٨٦٪یان داواکارییەکەیان وەر گیراوە و لەوانە ٩٢٪ (١٠٨ ڕزگاربوو) دەستیان کردووە بە وەرگرتنی پارەی قەرەبووکردنەوەی مانگانە.

### ئایا داواکارییەکەت پەسەند کرا؟




### ئایا دەستت کردووە بە وەرگرتنی مووچەی مانگانە؟




## ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) بناسە:

لە هەر هەواڵنامەیەکدا، تیشک دەخەینە سەر کارەکانی دوو ڕێکخراوی ئەندامی هاوپەیمانییەکە، کە کاری پەیوەست بە یاسا ی ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی ئەنجام دەدەن. هەروەها زانیاریی پێویست لەسەر شوێن و چۆنێتی پەیوەندیکردن پێیانەوە دەخەینە ڕوو.

### یەزدا

Yazda

ڕێکخراوی یەزدا ئۆفیسی لە دهۆک و شنگال هەیە و خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر پێشکەش بە ڕزگاربووان دەکات. لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٢ەوە ڕێکخراوی یەزدا خزمەتگوزاریی پەیوەندیدار بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی پێشکەش دەکات کە بریتین لە:

- پێدانی زانیاریی ورد لەسەر پرۆسەی داواکاریکردن لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا، هەروەها هەماهەنگیکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان، فەرمانگەی کاروباری فەرمانگەی کاروباری ڕفێنراوان و ڕزگارکراوان، لەگەڵ کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە، بۆ بەدەستهێنانی نووسراو یان بڕوانامەی پشتگیری بۆ ئەو کەسانەی داواکاری پێشکەش دەکەن؛
- ڕەوانەکردنی ڕزگاربووان بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە جیاوازەکان لەسەر بنەمای ئەو هاوکارییانەی کەسەکان پێویستیانە،
- دیاریکردنی پێداویستییەکانی ڕزگاربووان لە ڕێگەی ڕاپرسی و داکۆکیکردن لە بەرنامەکانی چاکسازی درێژخایەنەوە لە ژێر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا؛
- دابینکردنی چارەسەر و پشتگیریی تەندروستی دەروونی و دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ ڕزگاربووان، بەڕێوەبردنی کەیس، چاودێریی تەندروستی، پەروەردە و یارمەتی یاسایی بۆ کاروباری پەیوەندیدار بە بەڵگەنامە مەدەنییەکانەوە؛
- ئەنجامدانی هەڵمەتی داکۆکیکردن و چاودێریکردن بە ئامانجی ئەوەی پێداویستییەکانی ڕزگاربووان بکرێنە کاری لەپێشینە، هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی جێبەجێکردنی مادەکانی ناو یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی.

بۆ ڕێنمایی و یارمەتیدانت لە پڕکردنەوەی داواکاریی تایبەت بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، بەشداربووان دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن: ٠٧٥٠٤١٩٠١٦٩.

بۆ بەڕێوەبردنی کەیس، چارەسەر و پشتگیریی تەندروستی دەروونی و دەروونی کۆمەڵایەتی ، یان خزمەتگوزاریی دیکە، ڕزگاربووان دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن: ٠٧٥٠١٧٨٧٣٨٣٣.

## ڕێکخراوی داک بۆ گەشەپێدانی ژنانی ئێزدی

ڕێکخراوی داک لە لقەکانی لە دهۆک و سینونی نەینەوا پاڵپشتییەکی گشتگیر پێشکەش بە ڕزگاربووان دەکات. داک ڕێبازێکی گشتگیر پەیرەو دەکات کە تێیدا لایەنە دەروونی و پەروەردەیی و یاسایی و ئابوورییەکان لەبەرچاو دەگرێت، ئەمەش بە ئامانجی دروستکردنی ژینگەیەک کە ڕزگاربووان تێیدا چاک ببنەوە و گەشە بکەن و کەرامەتی کۆمەڵگەی ئێزدی بگەڕێننەوە. ڕێکخراوەکە کار بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دەکات بە پێشکەشکردنی چەند خزمەتگوزارییەکی وەک:

- بەڕێوەبردنی کەیس و پشتگیریی دەروونی کۆمەڵایەتی؛
- ڕاوێژی یاسایی لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی، هەروەها ئاسانکاریکردن بۆ ڕەوانەکردنی داواکاران بۆ ڕێکخراوەکانی تر و سوودمەندبوون لە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی؛
- ئەنجامدانی هەڵمەتی داکۆکیکردن لەسەر جێبەجێکردنێکی کاریگەری یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی؛
- بنیاتنانی لێهاتووییەکان لەڕێگەی ڕاهێنانەوە، بۆ نموونە ڕاهێنانی پیشەیی، بازرگانی و بەبازاڕکردن بۆ پشتگیریکردنی ئەو کارانەی لەلایەن ژنانەوە بەڕێوە دەبرێن؛
- دەستڕاگەیشتن بەو شوێنانەی بۆ منداڵان گونجاون و ڕەوانەکردنی چارەخوازان بۆ خزمەتگوزارییە تایبەتەکانی پاراستنی منداڵان؛
- جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی بەهێزکردنی ژنان و هەڵمەتەکانی هۆشیاری لەسەر گرنگی و ڕۆڵی کاری ژنان لە باشترکردنی بژێوی ژیاندا.

دەتوانن لەڕێی ئەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە پەیوەندیی بە ستافی (ڕێکخراوی داک)ەوە بکەن: ٠٧٥١٤٢٤٥٥٨٧ . یان ٠٧٥٠٠٦٥٩٠٨٧ . یان بەم ئیمەیڵە: org.dakngo@info

بۆ دەستکەوتنی لیستی ناوی تەواوی ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://c4jr.org/our-members.

## دەربارەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4RJ) هاوپەیمانییەکە لەنێوان ٣٣ ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی سیڤیلی تاوانکارییە درندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو، هەروەها بۆ بەشدارپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر، لێرەوە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە: www.c4jr.org

@C4JRorg

C4JR updates
WhatsApp group

IOM
UN MIGRATION

ئەم بڵاوکراوەیە لە ڕێگەی ئەو پشتگیرییەوە هاتووەتە کایەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پێشکەش کراوە، بەپێی مەرجەکانی حکومەتی هۆڵەندا. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون، تایبەتن بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق بن.